# نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**رێز و سڵاو**

**ئەگەرچی کوردستانی رزگارکراو تا رادەیەك چارەنووسی خۆی ساغ کردۆتەوە و لەسەر ئاستی دونیـادا حیسابی بـۆ دەکـرێ و لـە لایەن گەورەبەرپرسانی وڵاتانی گەورەی جیهانەوە رێز لە دەسەڵاتی سیاسی حکومەتی کوردستان دەگیردرێ و حکومـەتی خۆماڵی لە سەر کەلاوەیەکی وێران، خەریکە وڵاتێکی ئاوەدان بونیاد دەنێت، بەڵام گرانی کرێخانوو، کێشەی کارەبـا، دەسـت نەکـەوتنی سووتەمەنی و ئەو حەفییەی کە لە بازاڕی رەشدا قورگی بۆ خوێنی هاووڵاتی داچەقاندووە و لە تەنیشت ئەوانەشدا، ئـەو تـازە پێداکەوتووانەی کە لەسەر حیسابی خوێنی شەهیدانی رێگەی رزگاری کوردستان و ئەنفال و کیمیاباران، باڵاخانەکانیان سەر لە ئاسمان دەسوێ، چینایەتییەکی زەقی لە کوردستانی بەش مەینەتدا دروستکردووە، کە بە هـەر دوو بارەکەیـدا لـە بەرژەوەنـدی دادێی کورد و کوردستاندا نییە. واتە لە لایەك خەڵکی رووت و رەجـاڵ و گـەدە بـەتاڵ، لـە دەسـەڵات نائۆمێـدن و لـە لایـەکی دیکەوەش، ئەوانەی دەستیان بە زاریان دەگات، زێرو زیـوی کۆشـك و تـەلارەکان، چـاویانی کـوێر کـردووە و هـیچ ئینتمایـەکی نیشتمانییان نەماوە و ئاڵای کوردستان و بە دەوڵەتبوونی کورد لەلایان، تووڕێك ناهێنێ. هەر بۆیە بـە پێویـستم زانـی چـەند پێشنیارێك بخەمە بەر چاوی راوێژکاران و پسپۆڕانی بەرفەرمانتان، هەتا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و بەڕێزتان لە ئاکامەکانی تاوتوێ کردنەکانیان ئاگادار بکەنەوە، هەتا بە بڕیارێکی کارساز و کارا کابینەی حکومەت بتوانێت پلاتفۆرمێك لە سەروەری بـۆ خۆی و دڵسۆزی بۆ گەل تۆمار بکات. پێشنیارەکانم بـە مجۆرەی خـوارەوە دەخەمـە روو کـە لـە چـەند خاڵێکـدا وەك سـەرباس ئاماژەیان پێدەکەم:**

*** ئە نجومەنی وەزیران بۆ ساغکردنەوەی هێماکانی نەتەوەیی کورد وەك رێزمان و رێنووسی کوردی، ئـاڵای کوردسـتان و سـروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب ( لەسەر بناغەی هۆنراوەکەی دڵداری زیندوویاد ) و مارشـی ئـەم سـرووده، جـوگرافی نیـشتمانی کـورد و نووسینەوەی مێژووی کورد بە شێوازێکی ئەکادیمی و بابەتییانە، دیاریکردنی ناوی مانگەکانی وەرزی ساڵ لەسەر بنەمای زمـان و زاراوەی کوردی، بەجۆرێك کە لە هەموو کەرتـەکانی کوردسـتاندا کـاری پێبکـرێ و پێکهاتـەی سروشـتی گـەرمێن و کوێـستانی کوردستان جێگۆڕکێ بە مانگەکانی گەلاوێژ و خەرمانان نەکات، هەروەها بۆ کاراکردنی کۆڕی زانیـاری کوردسـتان کـە بەداخـەوە زۆربەی زمانەوانانی کورد وەك " گۆڕی زانیاری " دەیناسن، کۆنگرەیەکی بەرفراوان ساز بکات.**

***خستنەبەرباسی هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو رێکخراوانەی کە تایبەتکراون بە ژنان یـان پیـاوان، هـەر وەهـا هـیچ گۆڤـار و رۆژنامەیەکیش تایبەت نەکرێت بە رەگەزێك، واتە ئەگـەر رێکخراوێـك بـۆ رەگـەزێك تـەرخانکرا، ئـەوە نـەفیکردنی لایـەنی بەرانبەرە و جیاکارییەکی نەشیاوە، چونکە هەردوولا پێویستە لە ئەرك و مافەکاندا بەشدار بن و یـەکتر بخوێننـەوە، پێویـست نییە حزبەکان و راگەیاندن و بڵاوکراوەکان وەك حەمام و ئاودەسـتە گـشتییەکان بـۆ ژنـان و پیـاوان جیابکرێتـەوە. هـەروەها پێویستەمەودای نێوان ژنان و پیاوان کەم بکرێتەوە و جیاوازییەکان بە هەنگاوی لە سەرخۆ کاڵ بکرێنەوە، نـەك هـەنگاوێك بـۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ پاش.**

***لە هەر چایخانە و سینەما و شوێنێکی گشتی کە رۆشنبیرانی پیاو تێیدا خڕ دەبنەوە، ئـەو دەرفەتـەش بـۆ خا نمـانی رۆشـنبیر برەخسێت کە بتوانن بە بێ جیاوازی سەردانی ئەو شوێنانە بکەن و لەو مافە بێبەش نەکرێن.**

***لە جیاتی ئەو هەموو باڵاخانە و شاری خەون و خەیاڵانە کە تەواو بوونی پرۆژەکانیان نادیارە و نرخەکانی خـەیاڵین، چـەند ریزە ماڵێکی یەك دوو ژووری بۆ ئەو کرێچییە لێقەوماوانە دروست بکەن کە لەو حاڵەتەدا، ئەم نرخـە خەیاڵییانـەی کـە ئێـستا کرێچییانی لێقەوماوی ئەم وڵاتە بە خاوەن خانووەکانیان دەدەن، بۆ خەزێنەی دەوڵەت دەگەڕێتەوە و کرێچییەکانیش دڵنیا دەبـن لەوەی کە ئەو کە پرۆکەیەی هەیانە، هی خۆیانە و کەس لێیان گران ناکات، یان بیانووی چۆڵکردنی ناگرێت.**

*راهێنانی منداڵان بە پاکوخاوێن راگرتنی شوێنە گشتییەکان لە رێگەی پرۆگرامی دامودەزگەکانی راگەیاندن وەك کەناڵـەکانی تی ڤی و رادیۆکان، بەڵکو ئەوەی دادێ مانای شارستانییەت بزانن و رێز لە ژینگەی خۆیان بگرن.

*رێگرتن لە دادۆشینی خەڵك لە رێگەی کۆمپانیاکانەوە، بۆ نموونە کۆمپانیا هەیە کار بۆ داواکاری بێکار، دەدۆزێتـەوە، بـەڵام بەشێکی زۆری مووچەکەی بۆ خۆی دەگێرێتەوە، ئەمکارانە حکومەت لە رێگەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە دەتوانێـت جێبەجێی بکات، بە بێ ئەوەی قورساییەك بخاتە سەر داواکارییەکانی هاووڵاتی بێکار بۆ دۆزینەوەی کار.

*کۆکردنەوەی ژنانی لەشفرۆش و دانی مۆڵەتی یاسایی بە کار کردنیان لە ژێر چاودێری وەزارەتـی تەندروسـتی کوردسـتان، بـۆ پێشگیری لە نەخۆشییە کوشندەکانی وەك ئایدز و بۆ ئەوەی هیچ کورێك بە حەبی خەو، کەسانی نزیکـی خـۆی بێهـۆش نـەکات و دەستدرێژی نەکاتە سەریان، کە بە داخەوە نموونەی ئەو حاڵەتە ئاژەڵییانەمان لە کوردستانی پیرۆزی خۆماندا بیستووە کـە زۆر ویژدان هەژێن بووە و جێگەی نیگەرانییە. ئەو هەموو کەناڵە سێکسییە لە سەتەلایتەکان، لە لایەك حەزی سێکسی دەوروژێنـێ و لە لایەکی دیکەوە رۆشنبیری سێکسی دروست دەکات، بەڵام شوێنێك لە ژێر چاودێرییەکی زانستیدا بوونی نییە و هـەزاران شـوێنی شاراوە و ناساغ، بۆ پەیوەندی سێکسی لە شارەکاندا بڵاو بوونەتەوە.

*مانگی رەمەزان مانگی سەربڕینی ئازادییەکان نەبێت و پـەردەی چێـشتخانەکان بـەلاوە بنـرێن کـە بـۆنی کەبابـەکانیان رۆژە رێگەیەك دەڕوات و پەردەکانیش تەنها سیمای شارەکان دەشێوێنن.

*تەنها لەکاتی هەڵبژاردنەکان پێوەندییەکانتان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك خەست مەکەنەوە و لە کاتە ئاساییەکانیـشدا دەرگـە داخراوەکان بە رووی خەڵکدا بکەنەوە، و کۆ بوونەوەی لەو جۆرە بکەن کە سەرۆکی کوردستان لە گەڵ هـەموو چـین و توێـژەکانی خەڵك و دانیشتووانی سلێمانی ئەنجامیان دا لە ماوەی رابردوودا.

*مەودای نێوان دەسەڵات و خەڵك کەم بکەنەوە، چونکە نەیارانی ئەم وڵاتە بێگەردە، هـەر لـەو کەلێنانـەوە دێنـە ژوورێ و بـە زگرەشی و دڵتاریکی، رۆژانی وەکو 1ی شوبات دەخولقێنن.

*زیندانییە بێ سەروشوێنەکان بخەنە بەردەم یاسا و زیندانە شاراوەکان بکەن بە ناوەندی چاکسازی.

*دانانی ناوەندێك بۆ چاودێری نرخەکانی بازاڕ و لە سەر هەموو کەلوپەل و پێداویستییەکی هاووڵاتی کە لە بازاڕەکاندا هەیە، ئێتیکێتی نرخەکان بنووسرێت و هەر فرۆشیارێك سەرپێچی کرد سزا بدرێ.

لە لایەن حکومەتەوە نرخی کرێیخانوو دیاری بکرێ و هاوسەنگییەك لەگەڵ داهاتی کرێچی و کرێی خانووەکەیدا درووست بکرێت.

*لە دەست بەکاربوون تا وازهێنان یان کۆتایی کاری پێسپێردراو، داهات و دارایی هەموو بەرپرسـان و کاربەدەسـتانی حزبـی و حکوومی دیاری بکرێن و خەڵکی لێ ئاگادار بکرێتەوە، ئەمەش رێگەیەکی ئاسانە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییەکان .

لەگەڵ رێزی دووبارەم

سالار بابەشێخ